گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: 10.26750/rjap7005
ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 10/02/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 19/06/2025
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/08/2025

# گۆرانیی کوردی لەناو داڕشتنی موزیکدا بۆ ئامێری پیانۆ

**کوردۆ سەردار محمد[١] – هیوا طلعت عارف[٢]**

hiwa.arif@su.edu.krd - kurdosardar@uor.edu.krd

[١+٢]بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختەی توێژینەوە**

بەرجەستەکردن و گەشەپێدانی گۆرانیی کوردی لە موزیکدانان بۆ ئامێری پیانۆ، بەدواداچونە بۆ گەشەپێدانی گۆرانیی کوردی لە چوارچێوەی فۆرمە میوزیکییە جیاوازەکان و شێوازی جێبەجێکردنی لەسەر ئامێری پیانۆ لە قۆناغە مێژوییە جیاوازەکاندا، بەمەبەستی زیندو هێشتنەوەی گۆرانییە کوردییەکانە و تێکەڵکردنیان لەگەڵ شێوازەکانی موزیکدانان بۆ ئامێری پیانۆ، کە لەئەنجامدا کاری سەرنجڕاکێش دێنە بەرهەم. ئەم دانراوانە دەتوانن یارمەتیدەربن بۆ پیانۆژەنەکان، کە لە ڕێگەی گۆرانییە کوردییەکانەوە فێری شێواز و تەکنیکە جیاوازەکانی ژەنین ببن، هەروەها ئەوە نیشان دەدات کە چۆن ئەم گۆرانیانە لەگەڵ شێوازە جیاوازەکانی داڕشتنی موزیکیدانان بە پێی سەردەمەکان دەگونجێن وەک بارۆک، کلاسیک، ڕۆمانتیک و هاوچەرخ ئاتۆناڵ (Atonal)، لەگەڵ ئەمەش موزیکی کەلەپوری کوردی بە دونیایی موزیکی جیهانی دەبەستێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە هەڵسەنگاندن بۆ پەنجا گۆرانیی کوردی کراوە، دوازدە لەو گۆرانیانە کاریان تێداکراوە و لە ناو ئەوانیش کەڵک وەرگیراوە لە سێ گۆرانیی دانراو و پێنج گۆرانیی فۆلکلۆری و کراون بە دانراو بۆ ئامێری پیانۆ. دانراوەکان بە چەند فۆرمێکی جیاواز بۆ ئامێری پیانۆ دارێژراون وەک (بۆ دو دەست، بۆ چوار دەست، بۆ دو ئامێری پیانۆ)، مەبەست لەوەش پەرەپێدان و پێشخستنی گۆرانییە کوردییەکانە لە ڕێگەی گونجاندنیان بۆ فۆرم و شێوازی جۆراوجۆری ژەنینی ئامێری پیانۆ لەسەر ئاستی جیهانیدا، هەروەها نیشاندانی ئەوەی کە ئەو گۆرانییە کوردییانە چەندە هەمەلایەنەن و چۆن دەتوانرێت لە فۆرمە جیاجیاکانی موزیکدانانی جیهانیدا بەکاربهێنرێن، لەم پرۆسەیەشدا کارەکتەری ڕەسەنایەتی گۆرانییە کوردییەکان بە پارێزراوی دەمێننەوە، ئەمە لەکاتێکدا وەک دانراوێکی تازە بۆ ئامێری پیانۆی، ژیانێکی نوێ بەو گۆرانیانە دەبەخشرێتەوە.

**کلیلە وشە:** گۆرانیی کوردی، داڕشتنی موزیک، پیانۆ.

# Kurdish Songs in Piano Music Composition

Kurdo Sardar Mohammed[1] - Hiwa Talat Arif Ozeri[2]

[1+2]Music Department, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This study is devoted to investigating how the Kurdish songs are represented and improved within the piano instrument, concentrating on their adaptation across different musical forms and historical time. The main goal of this study is protecting Kurdish musical heritage while combining it into piano, causing innovative and engaging compositions. These works give pianists chances to seek different playing techniques and musical forms, presenting how Kurdish melodies can align with compositional practices from the Baroque, Classical, Romantic, and Atonal eras. Additionally, the research positions Kurdish traditional music within a broader global music context.

A total of fifty Kurdish songs were analyzed, with twelve selected for compositional development. This sorting out includes three original pieces and five traditional folk songs, all adjusted for piano. The adjustment is in several different formats, which include works for solo piano, piano four hands, and two pianos. Highlighting the adaptability and richness of Kurdish music through piano interpretation, thereby enhancing its visibility and relevance on the international music stage, is the main objective. These new compositions provide fresh standpoints and renewed vitality to Kurdish musical expression.

**Keywords:** Kurdish Songs, Piano, Music Composition

## پێشەکی:

بەدرێژایی مێژوی نەتەوەی کورد، ڕەوتی مێژویی موزیکی کوردی بە قۆناغی هەستیار و پڕ لەکێشمەکێشدا ڕەتبوە، ئەوەش بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە مێژوی مرۆڤایەتی بەسەر زۆرینەی میللەتەکاندا هاتوە و ڕوبەڕوی بونەوەتەوە. لەوانەش گۆڕانکاری سیاسی، ئابوری، کولتوری، کۆمەڵایەتی و جوگرافی و هتد... نەتەوە و وڵاتە دراوسێیەکان تاڕادەیەکی زۆر کاریگەریان لەسەر یەکتر هەبوە. لە گەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگا و بەتایبەتی موزیککاران هەوڵی ئەوەیان داوە کە ناسنامە و تایبەتمەندی موزیکی کوردی بپارێزن، هەروەک کوردناس میستەر ڕاڵف لەم بارەوە دەڵێت:"گۆرانیی کوردی، نەک تەنیا فۆلکلۆری کوردی پاراستوە، بەڵکو توانیوێتی تاڕادەیەکی زۆریش خۆی لە کارتێکرندی ئاوازی بیانی بپارێزێ" (باقی، ١٩٩٦)

موزیکی کوردی وەک هەمو موزیکەکانی میللەتانی جیهان خاوەن کەرەکتەر و تایبەتمەندی خۆیەتی، گۆرانیی دەوڵەمەند و سەرنجڕاکێش و هەروەها فرەچەشن لە ڕیتم کە ئەم دوانە (میلۆدی، ڕیتم) دو توخمی سەرەکی پێکهاتەی موزیکن،

ئەمانە موزیکی کوردی لە موزیکی نەتەوە دراوسێکانی جیای دەکاتەوە. ئەم فرەچەشنیەش بوەتە هەوێنێک و سەرچاوەیەکی سەرەکیی بیرۆکەکان لەلایەن موزیکار و موزیکدانەران کە بەرهەمی موزیکی تازە و مۆدێرن لە ئاستێکی بەرزدا پێشکەشی جیهان بکەن. لەم توێژینەوەیەدا، لێکۆڵینەوە و بەدواداچون بۆ شێوازەکانی پەرەپێدانی میلۆدی و ڕیتمە کوردییەکان لە چوارچێوەی دانان و نوسینی بەرهەمەکان بە بەکارهێنانی ئەو گۆرانییە کوردیانەی کە بونیان هەیە و گەشەپێدانیان بۆ ئامێری پیانۆ لە فۆرمە میوزیکییە جیاوازەکان و شێوازی ژەنین و بەکارهێنانی تەکنیکەکانی موزیکی کلاسیکی سەردەمە جیاوازەکانی موزیکی جیهانی. ئەمەش دەبێتە دەستکەوتێک بۆ تێگەیشتن لە گرنگی ئەم هەنگاوانە بۆ بە جیهانیکردنی موزیکی کوردی و دەستنیشانکردنی تایبەتمەندی و ڕەوتە سەرەکییەکان ئەنجام دەدرێت، بۆ وێناکردنی گەشەی میلۆدییە کوردییەکان بە تێپەڕبونی سەردەمەکان و جیاوازی کات.

## 1.1 کێشەی توێژینەوە

1- گۆرانییە کوردییەکان بە شێوەیەکی بەرفراوان لە موزیکدانان لەناو موزیکی جیهانیدا سنوردار بێت، بەکارناهێنرێت.
2- کەمی لێکۆڵینەوەیە سەبارەت بە ڕێکار و تەکنیکەکانی چۆنیەتی بەکارهێنانی گۆرانییە کوردییەکان دەتوانن لە شێوازە جیاوازەکانی موزیکدانان بەپێی سەردەمە جیاوازەکان جێیان ببێتەوە.

## 2.1 گرنگی توێژینەوە

1- ئەم توێژینەوە ڕۆڵ دەبینێت لە پاراستن و بە بەڵگەکردنی چەندەها گۆرانی و بەرهەم و کەلەپوری دەوڵەمەندی موزیکی کوردی، هەروەها بەبەکارهێنانی ئەم گۆرانیانە و گەشەپێدانیان بەشێوەیەکی تازە دەبێتە هۆی پەرەپێدان و خستنەڕوی تایبەتمەندییەکانی گۆرانیی کوردیی بەشێوازێک، کە میللەتانی تری جیهان لەڕێگای پێرفۆرمانسی ئامێری پیانۆ بە شێوەی پۆلیفۆنی[1] لەگەڵیدا ئاشنابینەوە.
2- ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەی قوتابیانی موزیک لە هەرێمی کوردستان، پەرە بە تێگەیشتنێکی قوڵتر لە موزیکی هاوچەرخ دەدات و گەشەی فیکری و گەشەی هونەری قوتابیان و گوێگران دەوڵەمەند دەکات.

## 3.1 ئامانجەکانی توێژینەوە

بەدواداچونە بۆ گەشەپێدان بە گۆرانییە کوردییەکان هەروەها گونجاندنیان لەگەڵ فۆرمە جیاوازەکانی موزیکدانان و شێوازەکانی ژەنینی ئامێری پیانۆ، لێکۆڵینەوەیە لەو چەمک و تەکنیکانە و کاریگەریانە لەسەر پەرەسەندنی موزیکی کوردی، هەروەها پاراستنی کەلەپوری موزیکی کوردی و گواستنەوەی بۆ نەوەکانی داهاتو لە ڕێگەی بە نۆتەکردن، پەرەپێدان و نوسینی بەرهەمی تازە بۆ ئامێری پیانۆ لەسەر بنەمای میلۆدی گۆرانیی کوردی، کە وەک ئامرازی پەروەردەیی دەبێتە مێتۆدی فێربونی ژەنینی ئامێری پیانۆ بۆ قوتابیانی پەیمانگا و کۆلێژی هونەر و ناوەند و دامەزراوە هونەرییەکان.

## 4.1 گریمانەی توێژینەوە

1- دەتوانرێت گۆرانییە کوردییەکان بە بەکارهێنانی تەکنیکە جیاوازەکان، بەشێوەیەکی کاریگەر لەچوارچێوەی شێوازەکانی موزیکدانان بۆ ئامێری پیانۆ بەکاربهێنرێت، بەبێ ئەوەی ناسنامەی کولتوری خۆیان لەدەستبدەن.
2- تێکەڵکردنی تەکنیکەکانی موزیکی مۆدێرن و هارمۆنی و فۆرمەکان لە بەرجەستەکردن و پەرەپێدانی گۆرانییە کوردییەکان لە موزیکدانان بۆ ئامێرێکی تایبەت وەک ئامێری (پیانۆ).

### 5.1سنوری توێژینەوە

1- سنوری مرۆیی: تیشک دەخرێتە سەر گەشەپێدانی چەندین گۆرانیی کوردی و پەرەپێدانی لە چوارچێوەی شێواز و فۆرمەکانی موزیکدانان و شێوازی بەجێهێنان لەسەر ئامێری پیانۆ.
2- سنوری بابەت: دارشتنەوەی گۆرانییە کوردییەکان بە تێکسچەری پۆلیفۆنی بۆ ئامێری پیانۆ.
3- سنوری شوێن هەرێمی کوردستان – عێراق
4- سنوری کات ١٩٧٥ – ١٩٨٥.

### 6.1پێناسەی زاراوەکان

#### 1.6.1 گۆرانیی کوردی (Kurdish Songs)

"تەمەنی گۆرانیی کوردی، وەک تەمەنی گۆرانیی هەر گەلێکی تری سەر ڕوی ئەم دونیایە، لەگەڵ تەمەنی مرۆڤی کورد- دایە، بۆیە دەستنیشانکردنی ساڵێکی دیاریکراو یان سەردەمێکی دیاریکراو بۆ مێژوی سەرهەڵدان و لەدایکبونی گۆرانیی کوردی، کارێکی ئێجگار ئەستەم و سەختە". (باقی، ١٩٩٦،٣١)

"لەبارەی دابەشکردنی گۆرانیی کوردیەوە، ئەوا تائێستا گەلێ کەس هەوڵیانداوە نەخشەی بۆ دابنێن و جۆرەکانی دابەشبکەن و چوارچێوەیەکی بۆ دروست بکەن، بەپێی ڕای مامۆستا نورالدین ساڵەیی گۆرانیی کوردی دەکرێ بە چەند بەشێک: (گۆرانیی-بەیت-لاوک-دیلۆک-لاژە-بارێتی-حەیران-قەتار)". (زامدار، ١٩٨،٥٣)

#### 2.6.1 موزیکدانان (Composition)

وشەی (Composition) زاراوەیەکی دیکەیە بۆ واتای وشەی (Writing) لە زمانی ئینگلیزیدا. لە بنەڕەتدا لە وشەی (Componere)ی لاتینیەوە وەرگیراوە، کە لە ئەدەبی لاتینی واتای پێکەوەدانان دەبەخشێت. بەڵام ئەوەی ئەم دو وشەیە جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە لە بواری موزیکدا وشەی (Composition) بەکاردەهێنرێت، کە بە کرداری دانان و نوسینی پارچە موزیکەکان دەوترێت (Composition)، یان بە کوردی دەشێت پێبوترێت موزیکدانان. هەروەها بە پارچە موزیکەکان دەوترێت (Work)، یان بە کوردی دەشێت پێیانبوترێت دانراو یان کار. (عارف، ٢٠٢٣، ١٦)

#### 3.6.1 ئامێری پیانۆ (Piano)

ئامێری پیانۆ فۆرتێ Piano Forte ئامێرێکی پۆلیفۆنییە بە پاشایی ئامێرەکان دادەنرێت بەهۆی توانای دەربڕینی دەنگەکان لە مەودایەکی زۆر فراوان بەکورتکراوەکەی پێیدەگوترێت ئامێری پیانۆ. لە پێناسەیەکیتریش، پیانۆ ئامێرێکی کلیلدارە کە بە فشاردانان لەسەر یەکێک لە کلیلەکان دەبێتە هۆی ئەوەی چەکوشە بە لباد داپۆشراوەکە بەر ژێیەکان بکەوێت و دەنگ بەرهەمبهێنێت. ناوەکە کورتکراوەی (پیانۆفۆرتێ)یە لە زمانی ئیتاڵیدا soft-loud بە واتای (نەرم - بەرز)دێت، کە ئاماژەیە بۆ توانای ژەنین هەم بە نەرمی و هەم بە دەنگی بەرز بەپێی پەستانی پەنجەی ژەنیارەکە لەسەر کلیلەکانی ئامێرەکە. ئەم تایبەتمەندییە جیایدەکاتەوە لە دو کیبۆردەکەی پێشوتری وەکو هارپسیکۆرد و کلاڤیکۆرد کە ئەم تایبەتمەندییەیان نەبو. (Ammer 2004, 310)

"ئامێری پیانۆ بەهۆی توانای دەنگی و توانای دەربڕینیەوە، بە یەکێک لە بەناوبانگترین ئامێرە موزیکییەکانی جیهان دادەنرێت، بە جۆرێک لە جیهاندا بڵاوبوەوە، کە هیچ ئامێرێکی موزیکی وا بەخێرایی وەک پیانۆ نەبوە" (تەها،٢٠٢٣، ٣١)

### 1.2پێکهاتە سەرەکییەکانی گۆرانی

بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتە سەرەکییەکانی گۆرانی لە چەند توخمێکی سەرەکی پێکدێن، کە بەیەکەوە گۆرانییەک دروستدەکەن، گرینگترینی ئەو توخمانەش لە لە میلۆدی، ڕیتم، هارمۆنی و تێکست پێکدێن، میلۆدی هێڵی سەرەکییە و تێکستیش بریتییە لە وشەکانی گۆرانییەکە، لە کاتێکدا ڕیتم کێشی گۆرانییەکە دیاریدەکات و هارمۆنیش پشتگیری لە میلۆدییەکان دەکات بە زیادکردنی هێڵی هاوشانی، مەبەست لەمەش دەوڵەمەندکردنی کەشی گۆرانییەکەیە.

## 1.1.2 میلۆدی: (Melody)

میلۆدی وشەیەکی یۆنانییە بە واتای گۆرانی دێت، بریتییە لە کۆمەڵێک دەنگی موزیکی یەک لەدوای یەک کە ڕیتمێکی تایبەت و شێوەیەکی موزیکی هەیە. (میلۆدی لە هەمو جۆرە موزیکێدا بەشێکی سەرەکییە، دیارترین هێڵی موزیکە کە گوێگران بە شێوەیەکی سروشتی و بە ئاسانی دەتوانن بیناسنەوە، تەنانەت لە موزیکە فرەدەنگە و پێکهاتە ئاڵۆزەکانیشدا. تێگەیشتن لە میلۆدی پشت دەبەستێت بەوەی کە گوێگر چی بە سەرنجڕاکێشتر یان گونجاوترین دەبینێت لە موزیکەکەدا).(Madsen and Widmer 2007)

میلۆدی یەکێکە لەو چوار توخمە سەرەکییەی کە موزیک لێی پێکدێت (میلۆدی، هارڕمۆنی، ڕەزم (ریتم)، ڕەنگی دەنگ). "زنجیرە نۆتە موزیکێکی ڕێکخراوە بەچەشنێکی یەکلەدوایەک، لە یەکە ڕەزمێکی تایبەتدا" (قەرەداغی، ٢٠١٠، ٢٨١). میلۆدی یەکێکە لە توخمە هەرە سەرەکییەکانی دروست بونی موزیک "لە دونیای موزیکدا لە دوای ڕیتمەوە بە گرینگترین پێکهاتەی موزیکی دادەنرێت. ئەگەر بیرۆکەی ڕیتمی لە ئەزەلەوە لە خەیاڵماندا بەشێوەیەکی فیزیکی بونی هەبو بێت وەکو هەندێک لە ڕەخنەگران ئاماژەی پێدەکەن، ئەوا بیرۆکەی ئاواز پەیوەستە بە هەڵچونی دەرونیەوە" (کوبلاند، 2009)

## 2.1.2 ڕیتم Rhythm

"بە پشت بەستن بەو سەرچاوە مێژووییانەی کە هەڵکەندراوی سەر دیواری ئەشکەوت و پەنا بەردینەکانن، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە سەرەتاییترین ئەو ئامێرانەی کە مرۆڤ بە ئاسانی درکی بە دروستکردنیان کردوە ئامێرە ڕیتمییەکان بوە بە شێوازە سەرەتاییەکەی. لە زانستی موزیکیشدا بەهەمان شێوە سەرەکیترین توخمی پێکهێنانی موزیک ڕیتمە". (دڵشاد،٢٠٢٣، ١٨)

## 3.1.2 هارمۆنی: (Harmony)

لەبەرئەوەی میلۆدی بیرۆکەی سەرەکی موزیکی دانراو پێکدەهێنێت، بۆیە موزیکدانەران هەڵدەستن بە جوانکردن و دەوڵەمەند کردنی میلۆدییەکانیان بە هارڕمۆنی، بە هۆی زیادکردنی نۆتەی نوێ بۆ میلۆدییەکانیان بەشێوەی ستونی کە پێیاندەوترێت (نۆتەی یاوەر)، بەم کردارەش دەوترێت هارمۆنی. دەشێت (Harmony) بەو دەنگە موزیکییانە پێناسەبکرێت، کە پێکەوە لە یەك کاتدا دەبیسترێن، یان بەو نۆتانە بوترێت کە یاوەری میلۆدییەکی سەرەکی دەکەن و ئەم زیادکردنەش دەکرێت لە دژە میلۆدییەك یان کۆڕدێك پێکهاتبێت. مەرج نییە هارمۆنی تەنها بە شێوەی ستونی دروست بێت، بەڵکو بە شێوەی ئاسۆیش لە نێوان زنجیرە دەنگییەکانی هەر میلۆدییەك دروستدەبن، کە بە شێوەی (Melodic) بەجێدەهێنرێن. (Roger. K, 2010, 43).

## 4.1.2 تێکست - هۆنراوە ( Poetry -Text)

"شیعر لەڕوی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە چەندین تایبەتمەندی لەخۆ دەگرێت، کە پێکهاتەی شیعرەکە دیاریدەکەن. هەر لە زووەوە لەنێو میللەتانی جیهاندا شیعر سەری هەڵداوە، سەرهەڵدانی شیعر پەیوەندی بە قۆناغێ لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی زمانی مرۆڤەوە هەیە، کاتێ زمان گەشتە پلەی جوانی و سودبەخشێن، شیعر سەری هەڵدا. بە تێپەڕبونی کات

ئەم ژانرە گەورەیەی ئەدەب دابەشی چەندین شێوەی شیعری جیاواز بوە، هەریەک لە ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب بەپێی تایبەتمەندی پێکهاتەی شیعر لە ژانری شیعریان ڕوانیوە، لەم ڕوانگەیەوە ژمارەیەکی زۆر لە بیروبۆچون هاتونەتە بەرباس دەربارەی سەرهەڵدانی ژانری شیعر و پێکهاتە و پێناسە و تایبەتمەندیەکانی شیعر" (حەسەن & محمود، 2023، ٦٢٢)

### 5.1.2 پەیوەندی تێکست بە موزیک لە گۆرانی:

ئەنوەر قەرەداغی لە وتارێکیدا لە لەژێر ناوی ئاواز و هۆنراوە لە گۆرانیی کوردیدا بەم شێوەیە باس لە پەیوەندی هۆنراوە لەگەڵ موزیک دەکات، "موزیک پەیوەندیەکی گیانی بەگیانی بەتینی هەیە لەگەڵ هۆنراوەدا، گۆرانیش لە ئاوێتەبونی موزیک و هۆنراوە پێکهاتوە، کە هەردوکیان دەربڕینی ناخی دەرونی مرۆڤایەتیە" (قەرەداغی، ١٩٨٦، ٥٤)

### ٢,٢ جۆرەکانی گۆرانیی کوردی

گۆرانی زاراوەیەکی فراوانە کە چەندین جۆری جیاوازی پراکتیزەکردنی موزیک دەگرێتەوە، هەرچەندە هاوبەشییەکی زۆر لە نێوانیاندا نییە، بەڵام زۆربەیان بریتین لە بەکارهێنانی دەنگی مرۆڤ بۆ بەرهەمهێنانی دەنگ یان نۆتێکی تایبەت، لە کاتێکدا هەمو گۆرانییەکان وشە لەخۆناگرن، بەڵام هەمیشە دەتوانرێت وشەی لەگەڵ بوترێتەوە، پەیوەندی لە نێوان وشە و گۆرانیدا گرنگە، چونکە زۆرجار گۆرانی گوتن کاریگەری وشەکان زیاتر دەکات، بە واتایەکیتر گۆرانی گوتن هەنگاو دەنێت بۆ دەرەوەی شێوازی ئاسایی خۆی بۆ دەربڕینی مانای وشەکان، بەهۆی ئەمەوە گۆرانی وتن لە هەمو کولتورێکدا دەبینرێت و وەک قسەکردن باو بوە. (Kramer 2015, 573)

### 1.2.2 گۆرانیی فۆلکلۆری:

"گۆرانیی فۆلکلۆری، کەرەستەیەکی هەرە بنەڕەتی موزیکی فۆلکلۆرییە کە بریتییە لە: ئاواز و گۆرانی، ئاوازی ئامرازەکان، ئامرازە موزیکییەکان، لە تەک جۆر و ڕوخسار و ئادگار و خاسیەتەکانی.. هەر بۆیەشە فۆلکلۆریست و زانا و پسپۆرەکان چ لە ڕوی کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی، چ لە ڕوی کۆکردنەوە و لێکۆڵیەوە، چ لە ڕوی بەراوردکردن و چەسپاندن و خوڵقاندنی زەمینەیەکی بەکەش و باش بۆی، لە نرخاندن و لە بایەخ پێدانی نەکەون و باشیش دەزانن بەردی بناغەی چ ژیان و شارستانیەتێکی ڕەسەن و قایم دادەرێژێن و بنیاددەنێن" (زامدار، ١٩٨٠، ٥٣)

### 2.2.2 گۆرانیی میللی

لەم بارەی گۆرانیی میللی ع.ج.سەگرمە ڕونی دەکاتەوە، کە لە یەکێک لە خەسڵەتەکانی گۆرانیی میللی، یان وەک ئەو ناوی دەبات بە گۆرانیی گەل Song Pop لە موزیکی کوردییدا، دەڵێت هونەرمەندێکی نیمچە پیشەمەند (Profishinal) ئاوازەکەی دادەنێ و دابەشکردنی موزیکیی بۆ ساز دەدا، یان ئاوازەکە لە کەسێکی دیکە یان، لە کەلەپور وەردەگرێ، هەر لەم بارەیەوە دەڵێت کە بەجێهێنانی ئەم جۆرە گۆرانییە، شێوەیەکی دیاریکراوی نییە و تێکەڵەیەکی هەمەڕەنگە. گەلێک جار شێوەی تیپی موزیکی عەرەبی یان تورکی هەیە و پێیدەڵێن (تەختی شەرقیی). ئەم تیپە موزیکییانە لە پێنج شەش ڤایۆلین، یەک دو چێلۆ، یەک دو گیتار، ئۆرگێک و یەک دو ئامێری خۆماڵی پێکدێ. (ع.ج.سەگرمە، ٢٠٠٣، ٢٩)

### 3.2.2 گۆرانیی دانراو

گۆرانیی دانراو یەکێکە لە جۆرە باوەکانی گۆرانیی کە لە سەرانسەری هەمو کولتورە جیاوازەکاندا دەبینرێت، ئەم گۆرانیانەن لەلایەن ئاوازدانەرێک یان گۆرانیبێژێکی دیاریکراوەوە و هەندێک جار کەسانی خاوەن بەهرەی ئاوازدانانەوە دانراون، بەپێچەوانەی گۆرانیی فۆلکلۆری کە زۆر جار نازاندرێت ئاوازدانەرەکەی کێیە و لە ڕێگەی نەریتی زارەکییەوە

دەگوازرێتەوە، بەڵکو گۆرانییە دانراوەکان دانەرێکی ناسراویان هەیە و زۆرجار بە پێکهاتەیەکی ڕونی موزیکییەوە نۆتەکانیان دەنوسرێنەوە یان تۆماردەکرێن، ئەم جۆرە گۆرانیانە هاوتەریب لەگەڵ قۆناغەکانی ژیان ڕێدەکات و وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ دەربڕینی هەستی سۆزداری و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگا کاردەکات.

### 4.2.2 گۆرانیی هاوچەرخ:

پەرەسەندنی گۆرانیی تاکەکەسی ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی هەستی سۆزداری دەرونی و مرۆڤایەتی بوە، کە وەک ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە دەرونییەکان بە تێپەڕبونی کات خزمەت دەکات. بە درێژایی مێژو، شێوازی جۆراوجۆری موزیک، لەوانەش دەربڕینی دەنگی، سەریان هەڵداوە- هەندێکیان بە تۆنی بەرز و شێوازی گریان تایبەتمەندن، کە خەمێکی قوڵ و تاریک دەگەیەنن. بەڵام زۆرجار ئەم دەنگانە توخمەکانی وەک سەما و ڕیتم و ئامێری سادەیان لەگەڵدا بوە، کە لەگەڵ میلۆدییە فۆلکلۆرییەکان تێکەڵیان کردون. لە سەردەمی هاوچەرخدا، لێکۆڵینەوە لە گۆرانیی لە نمایشی نەریتی تێپەڕیوە، بەتایبەتی لە ئەمریکای باکور، کە لێکدانەوە مۆدێرنەکان شێوازی دروستکردن و ئەزمونکردنی موزیکیان گۆڕیوە. ئەم گۆڕانکارییە تیشک دەخاتە سەر سروشتی دینامیکی دەربڕینی موزیک و توانای پەرەسەندنی لەگەڵ گۆڕانکارییە کولتوری و کۆمەڵایەتییەکاندا. (خالد، ٢٠٢٢، 1141)

### ١,٣ نمونەی گۆرانییە کوردییەکان لە موزیکدانان بۆ ئامێری پیانۆ

### 1.3.1 بەرهەمی یەکەم نیشتیمان - بۆ پیانۆ

ئەم دانراوە موزیکییە بۆ ئامێری پیانۆ لە سێ جوڵە پێکدێت، کە بەسەریەکەوە دەژەنرێت، لە سەد و هەشتاو هەشت (١٨٨) خانە (Bar) پێکدێت، لە ڕوی دارشتنی موزیکییەوە شێوازی سەردەمی باڕۆک پەیڕەوکراوە و هەر سێ بەشەکە پێنج خولەکە. خانە (Bar): "ئەو بۆشاییەی دەکەوێتە نێوان دو هێڵی خانەوە، پێیدەگوترێ، خانە (Bar) یان مازورە (Measure)". (لۆڤلەک، ٢٠٠٠، ٥٣)

دانراوەکە لە شێوازی موزیکدانان لە سەردەمی باڕۆکەوە سەرچاوەی وەرگرتوە، کە سێ گۆرانیی کوردی لەخۆگرتوە، بە بونیاتنانی گۆرانی و موزیکی فۆلکلۆری یان دانراوی کوردی لەگەڵ کۆنتراپۆینت و زمانی هارمۆنی ئاڵۆزی سەردەمی باڕۆک، توێژەر هەوڵیداوە لە ڕێگەی ئەم بەرهەمەوە پردێک لە دابەشبونە کولتورییەکان دروستبکات و دیدێکی تازە بۆ هەردو شێوازی موزیک پێشکەش بکات. لەم کارە موزیکییەدا هەوڵدراوە بۆ گونجاندنی ئەم گۆرانییە کوردییانە لەگەڵ شێوازی دارشتنی موزیک لەسەردەمی باڕۆک، لەهەمانکاتدا پابەندبون هەیە بە پاراستنی سیمای گشتی ناوەڕۆکی گۆرانییە کوردییەکان و لەلایەکی ترەوە توخم و بنەما و شێوازەکانی ئەو سەردەمە تێکەڵ بە کارەکە دەکرێت، ئەمەش بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی گۆڕانکاری (Variation) لە گۆرانییەکان بۆ ئەوەی لەناو سیستەمی تۆناڵی موزیکی ڕۆژئاوادا جێیانبیێتەوە، بە تێکەڵکردن و بەکارهێنانی ئاکۆردی باڕۆک و زیادکردنی دژەخاڵ(counterpoint)، بەمەبەستی دروستکردنی پێکهاتەیەکی پۆلیفۆنی. دانراوی(نیشتیمان) کە بۆ ئامێری پیانۆ دارێژراوە، لە سێ جوڵە پێکدێت و هەر جوڵەیەک لە گۆرانییەکی کوردی دانراو پێکدێت و هەر سێ گۆرانییەکە گوزارشتە لە هەستی نیشتیمانی، هەر بۆیەش کارەکەش ناونراوە نیشتیمان. جوڵەکانیش بریتین لە:

#### ١- جوڵەی یەکەم گۆرانیی بەری بەیانە

خشتەی ژمارە ١ گۆرانیی بەری بەیانە

| گۆرانیی | هۆنراوەی | ئاوازی | وتنی | ئەرێنج | ساڵ و شوێنی تۆمارکردن | کاتی گۆرانی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەری بەیانە | گۆران | مەزهەری خالقی | مەزهەری خالقی | بابەک رادمەنش | لەندەن ١٩٨٥ | ٣:٥٨ خولەک |

نمونەی نۆتەی ١ بەشی یەکەمی (گۆرانیی بەری بەیانە)




جوڵەی یەکەمی بەرهەمی نیشتیمان کە یەک خولەک و بیست و دو سانیە (١:٢٢)یە، بە خێرایەکی بە شێنەیی (Andante) دەژەنرێت و پێکدێت لە پەنجاودو(٥٢) خانە، بە شێنەیی واتا (بە جوڵاندن و بە ناسکیی) (هاڵست،٢٠٠٥، ٣٥٣).

ئینڤێنشنی یەکەم (Invention NO.1) دەستپێدەکات لەسەر پەیژەی سۆڵی گەورە[2] (G major)یە و تەواوی گۆرانییەکە لە سەر ڕێبەری کێشی (2/4) بنیاتنراوە، ئەم جوڵەیە لەسەر بنەمای گۆرانیی (بەری بەیانە)ی هونەرمەند مەزهەر خالقی کە مۆتیڤی (Motive) سەرەکی ئەم جوڵەیەی لەسەر بنیاتنراوە.

لە خانەی حەڤدەی جوڵەی یەکەمی بەرهەمی نیشتیمان میلۆدی سەرەکی گۆرانییەکە (بەری بەیانە) پێشاندەدرێت، کە تا خانەی سی و دو درێژدەبێتەوە بە یاریکردنی تێمای سەرەکی کە میلۆدی گۆرانییەکەیە لە نێوان هەردو هێڵەکە بە دینامیکی جۆراو جۆر.

نمونەی نۆتەی ٢ تێمای سەرەکی گۆرانیی بەری بەیانە لە (جوڵەی یەکەمی نیشتیمان)




## ٢- جوڵەی دوەم   گۆرانیی  خاکی شیرن

خشتەی ژمارە ٢  گۆرانیی خاکی شیرین

| گۆرانیی | هۆنراوەی | ئاوازی | وتنی | ساڵی تۆمارکردن | کاتی گۆرانی |
|---|---|---|---|---|---|
| خاکی شیرن | شێرکۆ بێکەس | خالید سەرکار | ئالا عومەر ئەسعەد قەرەداغی | ١٩٨٤ | ٤:٤٣ خولەک |


نمونەی نۆتەی ٣ بەشی یەکەمی (گۆرانیی خاکی شیرین)




جوڵەی دوەمی بەرهەمی نیشتیمان لە خانەی پەنجاو سێ(٥٣) تا خانەی سەدو چل و هەشت(١٤٨)ە. ئەم جوڵەیە ماوەی خایاندنەکەی دو خولەک و سی سانییە (٢:٣٠)یە، بە خێرایەکی خێرا (Allegro) دەژەنرێت، پێکدێت لە نەوەد (٩٠) خانە، کە ئینڤێنشنی دوەم (Invention.NO.2)ە لەسەر پەیژەی ڕێی بچوک (D Minor). "زاراوەی ((Allegro))، لە زمانی ئیتاڵیدا مانای خێرا و شادی دەبەخشێ. بەڵام لە ڕوی موزیکییەوە، تەنیا مانای خێرایە. بۆ نمونە: جوڵەی سێیەمی سیمفۆنی پێنجەمی بتهۆڤن خێرا ((Allegro))یە، بەڵام مەرج نییە شادی بەخش بێ" (لۆڤلەک، ٢٠٠٠، ٢٢٠)

تێمای سەرەکی ئەم جوڵەیە یەکێکە لە گۆرانییە نیشتیمانیەکان بە ناوی (خاکی شیرین). کە مۆتیڤی(Motive) سەرەکی ئەم جوڵەیەی لەسەر بنیاتنراوە، بە سودوەرگرتن لە شێوازی دارِشتن و تەکنیکەکانی موزیکدانانی بارِۆک، بەتایبەت کارەکانی باخ. لە خانەی هەشتا و حەوتی جوڵەی دوەمی بەرهەمی نیشتیمان تا خانەی نەوەد و چوار، زۆر بە روونی میلۆدی گۆرانییەکە (خاکی شیرین) کە تێمای سەرەکی جوڵەی دوەمە پێشاندەدرێت و دەکەوێتە هێڵی کلیلی سۆڵ و بە هاوشانیەکی ئاڵۆز لەگەڵ هێڵی کلیلی فا لەگەڵ بونی چەند دانیامیکێکی جۆراوجۆر کە هەستێکی هەڵچون و پاشان دامرکانەوە دروست دەکەن، کە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت گوێبیستی میلۆدی سەرەکی ببین.

نمونەی نۆتەی ٤ تێمای سەرەکی گۆرانیی خاکی شیرین لە (جوڵەی دوەمی نیشتیمان)




## ٣- جوڵەی سێیەم گۆرانیی ئێمە ئاشتی پەروەرین[3]

جوڵەی سێیەمی بەرهەمی نیشتیمان لەسەر پەیژەی (ڕێ مێجەر) دارِێژراوە، لە خانەی سەد و چل ونۆ (١٤٩) تا خانەی سەدو هەشتاو هەشت (١٨٨) واتا دوا خانەی کارەکەیە. کە هەموی لە سی و نۆ خانە پێکدێت.

لەم جوڵەیە زۆرتر جەخت لەسەر بەکارهێنانی تەکنیکی ئاڵوگۆڕ (Variation) کراوەتەوە. "خەسڵەتی سەرەکی تێما و ئاڵوگۆڕ وەستاوەتەوە سەر پرەنسیپی دوبارەبونەوە. تێماکە لەسەرەتاوە پێشکەش دەکرێ، پاشان چەند جارێک، هەر جارەی بە شێوەیەکی نوێ دوبارە دەبێتەو، تێما و ئاڵوگۆڕ لە جیاوازی بەدەر نییە، بەڵام ئەم جیاوازیە لە تەنیشت سەر لەنوێ دوبارەکردنەوەی تێماکە نییە، وەک ئەوەی لە فۆرمەکانی باینەری و تێرنەرییدا هەن. لە جیاتی ئەوە ئەم جیاوازییە لەناو خودی دوبارەبونەوەکەدایە". (گرین،٢٠٢٢، ١٥٩)

خشتەی ژمارە ٣ گۆرانیی ئێمە ئاشتی پەروەرین

| گۆرانیی | هۆنراوەی | ئاوازی | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ئاشتی پەروەرین | شەوکەت هۆشیار | مستەفا عبدالرحمن | ئەم بەرهەمە تەنیا نۆتەکەی بەردەستە |

نمونەی نۆتەی ٥ بەشی یەکەمی گۆرانیی (ئێمە ئاشتی پەروەرین)




لە خانەی سەدو پەنجاو حەوت بەشی یەکەمی تێمای سەرەکی جوڵەی سێیەمی بەرهەمی نیشتیمان پێشاندەدرێت، کە میلۆدی گۆرانی نیشتیمانی (ئێمە یاشتی پەروەرین)ە، چوار خانەی سەرەتا میلۆدیەکە ڕونە، بەڵام چوار خانەی دواتر میلۆدیەکە لە نێوان هەردو کلیلی سۆڵ و فا، بە تەکنیکی ڤایرەیشن ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاری ڕودەدات، بێ ئەوەی تایبەتمەندی توخمی میلۆدیەکە ون ببێت، لێرەدا چەند ترپەیەکی نایاسایی بەدیدەکرێت کە جوڵەیەکی ڕیتمی ناوازەی بۆ تێماکە دروستکردوە.

نمونەی نۆتەی ٦ تێمای سەرەکی گۆرانیی ئێمە ئاشتی پەروەرین لە (جوڵەی سێیەمی نیشتیمان)




## 2.3.1 بەرهەمی دوەم لۆشڤانۆ[4] - بۆ دو پیانۆ ( گۆرانیی لۆشڤانۆ[5])

ئەم دانراوە موزیکییە لە یەک جوڵە پێکدێت،کە بۆ دو پیانۆ واتا دو ژەنیار دانراوە، لە سەد و چل (١٤٠) خانە (Bar) پێکدێت و ماوەی کارەکە سێ خولەکە.

| گۆرانیی | هۆنراوەی | ئاوازی | وتنی | ئەرێنج | ساڵ و شوێنی تۆمارکردن | کاتی گۆرانی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لۆشڤانۆ | فۆلکلۆر | فۆلکلۆر | هۆزان ئەحمەد | دڵشاد محمد سعيد | ١٩٧٩ کەرکوک | ٥:٣٠خولەک |

خشتەی ژمارە ٤ گۆرانیی لۆشڤانۆ

لۆشڤانۆ بۆ دو پیانۆ نوسراوە و تارادەیەک ڕێبازێکی کلاسیکی لە ڕوی دارشتنی موزیکییەوە تێدا پەیڕەو کراوە، بە چەسپاندنی گۆرانیی کوردی لە چوارچێوەیەکی شێوازی دارشتنی موزیکی رۆژئاوادا، شوناسی موزیکی کوردی دەپارێزێت و گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردی بۆ دانراوێک لە چوارچێوەی فۆرمێکی موزیکی کلاسیکی رۆژئاوایی بۆ دو ئامێری پیانۆ، پەرەپێدەدات. لەبەرئەوەی ئەم دانراوە لە ڕوی دارشتنی موزیکیەوە لە سێ بەشی (A – B- A) پێکدێت و بەشی سێیەم دوبارە بونەوەی بەشی یەکەمە، بەمەش فۆرمێکی تێرنەری (Ternary Form) پێکدەهێنێت. فۆرمی تێرنەری (Ternary Form)، پێکهاتەیەکی بنەڕەتییە لە موزیکی کلاسیکی رۆژئاوادا، زۆرجار بە وەک فۆرمێکی ABA دەناسرێنرێت. لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت: بەشی سەرەتایی (A)، بەشێکی ناوەڕاستی جیاواز (B) و گەڕانەوە بۆ بەشی سەرەتایی (A). ئەم فۆرمە ڕێگە بە موزیکدانەران دەدات بیرۆکەیەکی سەرەکی بخەنەڕو و لێی دور بکەونەوە و بگەڕێنەوە بۆی.

لە ڕوی تیمپۆ پابەندە بە تێژرەوی(Allegretto)، کە پێشنیاری کارەکتەری زیندو و خێرایەکی مامناوەند دەکات بە درێژایی کە بۆ هەر نوارێکی خاڵدار سەد لێدانە لە خولەکێکدا (Allegretto q. = 100). لە ڕوی ماوەی کاتەوە سێ ٣ خولەک دەخایەنێت، لە چوارچێوەی ئەو شێوازە دارشتنە پوختەی کە زۆرجار لە پارچە موزیکە کارەکتەرە کورتەکاندا دەبینرێت و دانراوەکە لەسەر پەیژەی می مێجەر (E Major)ە. لە تیۆری موزیکی رۆژهەڵاتیدا (می مێجەر) واتا مقامی (مۆد)ی عەجەم. دانراوەکە بە ڕیبەرێکی کێشی لێکدراوی 6/8 دەستپێدەکات و تا کۆتایی لەسەر هەمان ڕێبەری کێش بەردەوام دەبێت، ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی میلۆدی و موزیکی گۆرانییەکە لەسەر ئەم ڕێبەری کێشەیە.

نمونەی نۆتەی ٧ بەشی یەکەمی (گۆرانیی لۆشڤانۆ)




کارەکە لە ڕێگەی گەشەپێدانی بابەتییەوە و گۆڕانکارییە دینامیکییەکانەوە پیشاندەدرێت، هەر پیانۆیەک لە نێوان دەرخستنی میلۆدی و هاوشانیکردندا (Accompaniment) بە یەکەوە دەگۆڕێن، پێکهاتەیەکی هاوشێوەی گفتوگۆ دروستدەکەن. بە درێژایی کارەکە هەردو پیانۆکە لە چوارچێوەی نەخشە ڕیتمییەکان هەوڵی ڕاگرتنی پارسەنگی و دروستکردنی هەستێکی گرژی و پڕ وزە دەدەن.

نمونەی نۆتەی ٨ تێمای سەرەکی لۆشڤانۆ له (بەرهەمی لۆشڤانۆ - بۆ دو پیانۆ)




### 3.3.1 بەرهەمی سێیەم چەپی[6] - بۆ پیانۆ (چوار دەست)

ئەم دانراوە موزیکییە لە سێ جوڵە پێکدێت کە بۆ یەک پیانۆ، بەڵام بۆ چوار دەست واتا (دو ژەنیار[7] لەسەر یەک پیانۆ (Primo(1st) Secondo(2nd) دەژەنرێت و تارادەیەک شێوازی دارِشتنی موزیکی سەردەمی ڕۆمانتیکی تێدا پەیڕەوکراوە، هەر سێ جوڵەکە لە دو سەد و هەشت (٢٠٨) خانە پێکدێت، ماوەی کارەکە پێنج خولەکە.

#### 1. چەپی یەکەم گۆرانیی مەلەک

جوڵەی یەکەمی ئەم دانراوە موزیکییە (چەپی یەک)، تێماکەی لە یەکێک لە گۆرانییە فۆلکلۆرییە کوردییەکان وەرگیراوە کە ئەویش گۆرانیی (مەلەک[8])ە.

خشتەی ژمارە ٥ گۆرانیی مەلەک

| گۆرانیی | هۆنراوەی | ئاوازی | وتنی | ئەرێنج | ساڵ و شوێنی تۆمارکردن | کاتی گۆرانی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مەلەک | فۆلکلۆری | فۆلکلۆری | عزیز عبدالکریم | علی حەمە رضا | ١٩٨٢ کەرکوک تیڤی | ٣:١٢خولەک |

ئەو تیپەی کە لەم بەرهەمە بەشدار بوە بەپێی ئەم سەرچاوانە (تیپی موزیکی مەولەوی-نویٚ[9])ی شاری سلێمانی بوە، کە لەماوەی کارکردنی ئەم تیپە موزیکییە چەندین چالاکی هونەری ئەنجامداوە و بەرهەمی بۆ هونەرمەندان تۆمارکردوە.


ئەم جوڵەیە لە چل و نۆ خانە پێکدێت و کاتی ئەم جوڵەیە نزیکەی یەک خولەکە. کارەکە بە تێژڕەوی "(Allegretto) تارادەیەک خێرا ( خێرا بەڵام لە Allegro کەمتر)" (هاڵست، ٢٠٠٥، ٣٥٣)دەست پێدەکات و لەناوکارەکە ئەم تێژڕەوییە گۆڕانکاری بەسەردادێت.

نمونەی نۆتەی ٩ (گۆرانیی مەلەک)




ئەگەر سەرنج بدەین لەسەر ڕێبەری کێشی 2/4 گۆرانییەکە بنیاتنراوە، کە کێشێکە بۆ سەما و هەڵپەرکێی کوردی کێشێکی گونجاوە بەتایبەت بەو شێوازە هەڵپەرکێیەی پێدەوترێت (چەپی). لە ڕوی پێکهاتەی تۆناڵیتیەوە هەمو تێمای ئەم گۆرانییە لە دو دەنگ پێکهاتوە کە ئەویش دەنگی (سی- ڕی)یە، کە میانەکەی سیانی بچوک پێکدەهێنن.

نمونەی نۆتەی ١٠ تێمای سەرەکی مەلەک لە (چەپی یەک بۆ پیانۆ- چوار دەست)




### 2. چەپی دوەم گۆرانیی لە کۆڵانی تەنگ[10]

جوڵەی دوەمی ئەم دانراوە موزیکییە (چەپی دو)، تێماکەی لە یەکێک لە گۆرانییە فۆلکلۆرییە کوردییەکان وەرگیراوە، کە ئەویش گۆرانیی (لە کۆڵانی تەنگ[11])ە.

خشتەی ژمارە ٦ (گۆرانیی لە کۆڵانی تەنگ)

| گۆرانیی | هۆنراوەی | ئاوازی | وتنی | ئەرێنج | ساڵ و شوێنی تۆمارکردن | کاتی گۆرانی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لە کۆڵانی تەنگ | فۆلکلۆری | فۆلکلۆری | محەمەد ئیبراهیم عەبدول ناسراوە بە (حەمە قوتو) | ئەنوەر قەرەداغی | ١٩٧٧ سلێمانی | ٦:١١خولەک |

ئەم گۆرانییە میللیە گۆرانییەکی شادە و موزیکەکەی لەسەر کێشی 2/4 دانراوە، بەڵام کێشی خودی گۆرانییەکە بریتیە لە ڕیتمی 7/4. بەڵام لەبەر ئەوەی گۆرانییەکە شادە و بۆئەوەی ئاسانتربێت بۆ خوێندنەوە و هەروەها تایبەتمەندی شادی گۆرانییەکە ون نەبێت و تریپەکانی ڕونبن، هەرخانەیەکی میلۆدیەکە بۆ دو خانەی ( 4/4-3/4) دابەشکراوە. موزیسیان دلێر حسێن لەبارەی شێوازی نوسینەوەی ئەم گۆرانییە میللیە و شێوازی گونجانی پێیوایە کە:"ڕاستە کێشی ئەم گۆرانییە بریتیە لە ڕیتمی 7/4، بەڵام ئەگەر بمانەوێت حاڵەتی میللیەکەی بدرێتێ وەک ئەوەی بە دەهۆڵی بژەنرێت، دەتوانرێت بە دو شێوازی ڕیتمی بینوسرێتەوە، دوخانە 2/4 و خانەیەک 3/4، بەم شێوازە گونجاوترە لە کێشی 7/4". (حسێن، ٢٠٢٤).


نمونەی نۆتەی ١١ (گۆرانیی لە کۆڵانی تەنگ)




جوڵەی دوەمی ئەم دانراوە موزیکیەکە (چەپی دو)، لە شەست و پێنج ٦٥ خانە پێکدێت و لە خانەی پەنجا تا خانەی سەد و پانزدە کارەکە پێکدەهێنێت، کە یەک خولەک و چل و پێنج چرکە (١:٤٥) دەخایەنێت، بە تیژرەوێکی مامناوەندی (Moderato). لەبەر تایبەتمەندی گۆرانییەکە موزیکەکە وەک خۆی لەسەر رێتمی 2/4 و گۆرانییەکەش بە دو خانەی 3/4 و خانەی 4/4 نوسراوەتەوە، کەئەمەش بۆ کاری موزیکدانان و گونجاندنی لەگەڵ دو بەشەکەی تر گونجاوترە، جگەلەوەی کە بۆژەنینیش بۆ بەرچاوی ژەنیارەکە ئەم شێوازە ڕونتر و ئاشناترە تا بە کێشی ڕیتمی 7/4 بنوسرێتەوە. لە خانەی حەفتاو هەشت بەشی دومی (چەپی دو) دەستپێدەکات تا خانەی هەشتا و نۆ کە بریتییە لە میلۆدی گۆرانیی (لە کۆڵانی تەنگ) دەخایەنێت، لەبەر تایبەتمەندی میلۆدیەکە کە لە پێشو ئاماژەمان پێداوە ئەم بەشەی میلۆدیەکە خانەکان ڕێبەری کێشان گۆرانکاری بەسەر دادێت و ڕێبەری کێشەکانیان جیاوازن، تا خانەی هەشتاو هەشت و یەک

خانە بەر لە کۆتایی هاتنی بەشی دوەم، خانەیەک 3/4 و خانەی دواتر دەبێتە 4/4، بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تا کۆتایی ئەم جوڵەیە.

نمونەی نۆتەی ١٢ تێمای سەرەکی میلۆدی لەکۆڵانی تەنگ لە (چەپی دو بۆ پیانۆ – چوار دەست)




## 3. چەپی سێیەم گۆرانیی چاوت جوانە لەیلا

جوڵەی سێیەمی ئەم دانراوە موزیکیە (چەپی سێ)یە، تێماکەی لە یەکێک لە گۆرانییە فۆلکلۆرییە کوردییەکان وەرگیراوە کە ئەویش گۆرانیی (چاوت جوانە لەیلا)یە. ئەم گۆرانییە ئاواز و هۆنراوەی فۆلکلۆرە و مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی ئامادەکاری موزیکی بۆکردوە، تیپی موزیکی زانکۆی سلێمانی[12] لە تەلەڤزیۆنی کەرکوک تۆماریان کردوە.

خشتەی ژمارە ٧ گۆرانیی چاوت جوانە لەیلا

| گۆرانیی | هۆنراوەی | ئاوازی | وتنی | ئەرێنج | ساڵ و شوێنی تۆمارکردن | کاتی گۆرانی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| چاوت جوانە لەیلا | فۆلکلۆری | فۆلکلۆری | کۆرس | ئەنوەر قەرەداغی | ١٩٧٧تەلەڤزیۆنی کەرکوک | ٢:٣٦خولەک |

نمونەی نۆتەی ١٣ (گۆرانیی چاوت جوانە لەیلا )




جوڵەی سێیەم ئەم (چەپی سێ)، لە نەوەد و دو ٩٢ خانە پێک دێت و لە خانەی سەد و شانزدە تا خانەی دوسەد و هەشتی دانراوی چەپی دەخایەنێت. کە یەک خولەک و چل و پێنج چرکە (١:٤٥) یەو بە تیژڕەوێکی خێرا (Allegro) و لەسەر شێوازی سەمای پۆلکا(Polks) دارێژراوە.

پۆلکا (Polka) ژانرێکی زیندو و گەشبینی موزیک و سەمایە کە لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە بۆهێمیا (Bohemia)وە (ئێستا بەشێکە لە کۆماری چیک) سەرچاوەی گرتوە. کە لەسەر تەمپۆیەکی خێرا و ڕێبەری کێشی 2/4 بنیاتدەنرێت. سەمای پۆلکا سەمایەکی زیندوە لە نێوان دوکەس بە هەنگاوی خێرا جوڵەی بەپەلە ئەنجامدەدریت، تێپەڕبونی کات پەرەی سەندوە، کاریگەرییەکانی کولتورە جیاوازەکان و شێوازە موزیکیەکانی لەخۆگرتوە. تا ئەمڕۆش خەڵکی لە سەرانسەری جیهان چێژ لەم سەمایە وەردەگرن، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە نەریتی بەهێزی کۆچبەری ئەوروپییان هەیە. (Trochimczyk 2024)

لە خانەی سەد و پەنجاو حەوتی دانراوەکە، بەشی دوەمی جوڵەی سێیەم دەست پێدەکات، کە تا خانەی سەد و شەست و نۆ دەخایەنێت، لەم ماوەیەدا تەنیا بەشی یەکەمی تێماکە کە میلۆدی گۆرانییەکەیەو تێمای سەرەکی جوڵەکەیە لەلای هەردو بەشی پیانۆکە پێشاندەدرێت. بەڵام لە چەند چینێکی جیاواز بە تەواوی یاخود بەشێکی تێماکە.

نمونەی نۆتەی ١٤ تێمای سەرەکی میلۆدی چاوت جوانە لەیلا لە (چەپی سێ بۆ پیانۆ- چوار دەست)




## 4.3.1 بەرهەمی چوارەم بەگی یێ - بۆ پیانۆ (گۆرانیی بەگی یێ)

ئەم دانراوە موزیکییە لە یەک جوڵە پێکدێت کە بۆ یەک پیانۆ دانراوە، لە نەوەد و چوار (٩٤) خانە پێکهاتوە. ماوەی دانراوەکە چوار خولەکە و تێمای سەرەکی کارەکە لە یەکێک لە گۆرانییە فۆلکلۆرییە کوردییەکانی ناوچەی هەولێر وەرگیراوە بەناوی (بەگی یێ)، کە لە لەلایەن تیپی موزیکی کاوە (یەکیتی نەقابەکانی کریکارانی هەولێر) لە ساڵی ١٩٨٥ تۆمارکراوە.

خشتەی ژمارە ٨ گۆرانیی بەگی یێ

| گۆرانیی | هۆنراوەی | ئاوازی | وتنی | ئەرێنج | ساڵی تۆمارکردن | کاتی گۆرانی |
|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەگێیێ | فۆلکلۆری | فۆلکلۆری | عارەب عوسمان جەرجیس ناسراوبە تەنیا عارەب | سید آحمد بەرزنجی | ١٩٨٥ | ٦:١٦خولەک |

نمونەی نۆتەی ١٥ گۆرانیی بەگی یێ




کارەکە بە تیژڕەوەی بە شێنەیی (Andante) دەستپێدەکات و خانەکان لە ڕوی ڕێبەری کێشەوە جیاوازن، دانراوەکە بە شێوازی دارشتنی موزیکی هاوچەرخ (Atonality) بنیاتنراوە، کە بەراورد بە شێوازەکانیتر جیاوازترە لە ڕوی پێکهاتە و تەکنیک و دەربڕینەوە.

"زمانی موزیکی ئاتۆنال زمانێکی نوێیە، نابێت بە تەکنیکە کۆنەکانی موزیک بەراوردبکرێت. ئاتۆنالیتی تا ڕادەیەکی زۆر لەسەر بنەمای کرۆماتیزم دروست بوە. هەروەها دەتوانین بڵێین، ئاتۆنالیتی لە کاتێکدا دروست بو، کە موزیککاران هەوڵی ئازاد کردنی١٢نیوتۆنەکانی ناو زنجیرەی ڕەنگین (کرۆماتیک) لە ئەرک و پەیوەندییە "دیاتۆنیک"یان دەکرد. مێژوی سەرهەڵدانی ئەم سیستەمە کە تاوەکو ڕۆژ گاری ئەمرۆ بەردەوامی هەیە، دەگەرێتەوە بۆ ئارنۆڵد شۆنبێرگ (1951- Arnold Schonberg 1874) کە یەکێکە لە کەسایەتییە هەرە بەرچاوەکانی موزیکی سەدەی بیستەم. ئەم بیر و لێکۆلینەوەیە هەر لە ساڵانی پێش جەنگی جیهانی یەکەمدا سەرقاڵی کردبو و هەمیشە پەرەی پێداو لە بەرهەمەکەی سێ پارچەی پیانۆ ( 1909 Drei Klavierstückein و Pierrot Lunaire لە 1912) کەچەمکی ئاتۆناڵی بەکارهێنابو، تاقیکردنەوەی بیرۆکەکانیشی تیادا ئەنجامدا.دوای چەندین ساڵ لە لێکۆڵینەوە، لە ساڵی ١٩٢١، تەکنیکی ئاوازدانانی دوانزە تۆنی زیاتر پەرە پێداو بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٣دا بە شێوەیەکی تایبەت بۆ هاوڕێ و قوتابییەکانی باسی لێوەکرد" (عارف، 2024، ٧)

یەکەم دەرکەوتنی تێمای سەرەکی لەناوکارە موزیککیەکە بۆ ئامێری پیانۆ، لە نێوان خانەی هەژدە تا خانەی بیست و سێ یە، کاتێک گوێبیستی تێمای میلۆدی گۆرانییەکە (بەگی یێ)دەبین بەڵام بەهۆکاری ئەوەی لە نێوان ژمارەیەکی زۆر لە میانە و چینی جیاجیایە هەربۆیە بە ئاسانی ناناسرێتەوە، هەروها لەبەر ئەوەی هەر خانەیەک ڕێبەرێکی کێشی جیاوازی هەیە ئەمەش دەرفەت دەدات بە کارەکە کە بەشێوەیەکی فراوان تێماکە درێژبکاتەوە و بەو شێوەیە دەرنەکەوێت کە خۆی لە گۆرانییەکەدا هەیە.

نمونەی نۆتەی ١٦ تێمای سەرەکی میلۆدی بەگی یێ لە (بەرهەمی بەگی یێ - بۆ پیانۆ)






## ١,٤ دەرئەنجامەکان

### 1.4.1 ئەنجامەکان:

1- دەتوانرێت گۆرانییە کوردییەکان بگونجێندرێن بۆ پێکهاتەی موزیکی بۆ ئامێری پیانۆی بە چەندین شێوازی جیاواز لە دارشتنی کاری موزیکدانان، و لە هەمان کاتدا دەتوانرێت پارێزگاری لە ناوەڕۆکی کولتوری ڕەسەنی گۆرانییە کوردییەکان بکرێت.

2- توێژینەوەکە دەمانگەیەنێت بەو ڕاستیەیی کە پێکهاتە موزیکیەکان شێوازی نوێ دەردەخەن بۆ بەکارهێنانی گۆرانیی کوردی، وەک کۆنتراپۆینت لە شێوازی بارۆک، دەربڕینی دراماتیکی لە شێوازی کلاسیکی و ڕۆمانتیک و تەکنیکە ئالۆز و وردەکان لە پێکهاتەکانی موزیکدانەنی ئەی تۆناڵ دا.

### 2.4.1 ڕاسپاردەکان:

1- پێویستە گۆرانییە کوردییەکان بخرێنە نێو پرۆگرامەکانی خوێندنی موزیکی بەشێوەی ئەکادیمی لە زانکۆ و پەیمانگا و ناوەندەکانی تر هەروەها موزیکدانەران لە بەرهەمەکانیاندا بەکاری بهێنن بۆ پاراستن و پێشخستنی بەها هونەرییەکان.

2- هاوبەشی لەگەڵ موزیکژەن و موزیکدانەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ زیاتر گەڕان و بەرجەستەکردنی موزیکی کوردی لە پراکتیزەکردنی موزیکی جیهانیدا.

### 3.4.1 پێشنیارەکان:

1- توێژینەوەی هاوشێوە و فراوانتر ئەنجامبدرێت بۆ گۆرانیی کوردی لەناو موزیکدانان بۆ ئۆرکێسترا، چەمبەر ئۆرکێسترا، شیوازی موزیکی جاز، و موزیکی ئەلیکترۆنی.....هتد، لێکۆڵینەوە لەوە بکرێت کە چۆن گۆرانییە کوردییەکان دەتوانن لەگەڵ ئەم فۆرمە موزیکیانە و ستایل و شێوازە مۆدێرنانەدا خۆیان بگونجێنن.

2- توێژینەوەی بەراوردکاری ئەنجامبدرێت بۆ گۆرانییە کوردییەکان لەگەڵ گۆرانییەکانی گەلانی ناوچەکە، بۆ دەرخستنی مۆتیف و میلۆدییە هاوبەشەکان و تایبەتمەندییە جیاوازەکان لە نێوانیاندا، کە ئەمەش خزمەتێکی مەزن بە داهاتوی ئەم سەرمایە کولتوریەمان دەکات.

## سەرچاوەکان

باقی، محمد حەمە .١٩٩٦ .مێژوی موزیکی کوردی .چاپی یەکەم .ورمێ: چاپخانەی شهر کرد.

فەرەج، غەمگین .٢٠٠٥ .دەروازەیەک بۆ بۆتەکانی موزیک .چاپی یەکەم .هەولێر: چاپخانەی منارە.

قەرەداخی، ئەسعەد .٢٠١٠ .فەرهەنگی موزیک .هەولێر: چاپخانەی موکردیان.

گرین، دۆگلاس مارشاڵ .٢٠٢٢ .فۆرم لە موزیکی تۆناڵدا.وەرگێرانی. بەختیار حسەین. چاپی یەکەم .سلێمانی: چاپخانەی تاران.

زامدار، محمود .١٩٨٠ .دەروازەیەک بۆ ئاوازوگۆرانی ی کوردی .چاپی یەکەم .بەغداد: دار الحرية للطباعة.

ع.ج.سەگرمە .٢٠٠٣ .لاپەڕەیەک لە بنەماکانی موزیکی کوردی .یەکەم .سلێمانی: ئینستوتی کەلەپوری کورد.

لۆڤلەک، ولیەم .٢٠٠٠ .بنەماکانی مۆزیک، وەرگێرانی.ع.ج.سەگرمە. چاپی یەکەم .سلێمانی: چاپخانەی داناز.

هاڵست، ئیمۆجن .٢٠٠٥ .ئەلفبێیەکی موزیک. وەرگێرانی.ع.ج.سەگرمە.چاپی یەکەم .سلێمانی: چاپخانەی شڤان.

روف، صلاح .١٩٨٩ .تیۆرەکانی موزیک .چاپی یەکەم .سومر.

خالد، سماح عز العرب علي .٢٠٢٢" .دراسة حول األغنية المعاصرة عند ديانا كرال من خلال أغنية نظرة حب ". علوم وفنون الموسيقى ٤٧ )كلية التربية الموسيقية.

كوبلاند، ئارون .٢٠٠٩ .من الذى نسمع فى الموسيقا. الاول.سورية: دار الثقافة و النشر.

Ammer, Christine. 2004. *THE FACTS ON FILE DICTIONARY OF MUSIC* . New York: the Christine Ammer.

Kamien, Roger. 2010. *Music an Apprecition.* hird brief edition. New York: University of California.

Kramer, Lawrence. 2015. "Song as Paraphrase." *New Literary History* 46 (4).

Madsen, Søren Tjagvad, and Gerhard Widmer. 2007. "Towards a Computational Model of Melody Identification in Polyphonic Music." *Proceedings of the 20th International Joint Conference on Artificial Intelligence.* Hyderabad, India.

## چاوپێکەوتن

ادیب، جمال محمد .٢٠٢٤ .گۆرانیی لۆشڤانۆ، ( ٤-١١).

عزیز، مامۆستا .٢٠٢٣ .مامۆستا عەزیز باس لە گۆرانیی مەلەک دەکات .سلێمانی: کەناڵی کوردسات.

حسێن، دلێر .٢٠٢٤ .شیوازی نوسینەوەی نۆتەی گۆرانیی لە کۆلانی تەنگ، (١٢-٤).

سەرکار، خالید. ٢٠٢٤. گۆرانیی نیشتیمانی ئێمە ئاشتی پەروەرین، (٤-١١).

قەرەداغی، ئەنوەر .٢٠٢٤ .گۆرانیی لە کۆلانی تەنگ، چاوت جوانە لەیلا، (١٢-٤).

نوری، دەرون .٢٠٢٤ .تیپی موزیکی میللی زانکۆی سلێمانی، ( ٤-١١).

تەها، ئەحمەد نورەددین .٢٠٢٣ .*بەکارهێنانی گۆرانی کوردی لە میتۆدی دەسپێکدا بۆ ئامێری پیانۆ* .هەولێر.

دڵشاد، ڕەوەند کمال .٢٠٢٣ .شێوازی دابەشکردنی موزیک لە گۆرانی دانراوی کوردیدا لە شاری سلێمانی .هەولێر.

عارف، هیوا طلعت .٢٠٢٣ .بەرجەستە کردن و بەکارهێنانی هارمۆنی و فۆرمی مۆدێرن لە موزیکی ئۆرکێستراڵیدا .هەولێر.

کەریم، عادل محمد. ٢٠٢٣. *ڕەهەندەکانی موزیک لە پێکهاتەی گۆرانیی دانراوی کوردیدا*.هەولێر.

عارف، هیوا طلعت .٢٠٢٤ .توخمی تۆنالیتی و ئاتۆنالیتی لە موزیکی سەدەی بیستەم ".گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان . . بەرگی (٢٨). ژمارە (١٠٥٦).

[Tonality Element and Atonality in 20th Century Music | Zanco Journal of Human Sciences]

قەرەداغی، ئەنوەر .١٩٨٦" .ئاواز و هۆنراوە لە گۆرانیی کوردیدا ".کاروان (٤٩) .

https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20240605193252573423&lng=1

حەسەن، مەریوان عومەر، ئاوارە خدر محمود . ٢٠٢٣" .شێوە بنەڕەتییەکانی ژانری شعر لە ڕۆژنامەی (کوردستان)ی تاراندا ".گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین. بەرگی (١٠). ژمارە (٢).

https://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR/article/view/1037/507

Trochimczyk, Maja. 2024. *USC Polish Music Center.* Accessed 12 10, 2024. https://polishmusic.usc.edu/research/dances/polka

فەلاح، شەریف .٢٠٢٢ .جۆرەکانی هەڵپەڕکێی کوردی .١-٢ ،١ ٢٠٢٤ Accessed. https://www.kurdia.net/archives/6801 .

## پەراوێزەکان:

[١]- "پۆلیفۆنی بە واتای فرە میلۆدی پێکەوە (ئامێر یان دەنگ) ئەو بەرهەمە موزیکییانە، کە لە چەند میلۆدییەکی بەرانبەر یەک وەستاو دروستدەبێت، بە هەموویان بینایەکی هارمۆنی بۆ موزیکەکە دروستدەکەن، بەمەش دەوترێت پۆلیفۆنی" (کەریم، ٢٠٢٣، ١٦)

[٢]- پەیژەی گەورە(Major Scale): پێکدێت لەیەک لەدوای یەک هاتنێکی سروشتی هەشت دەنگی موزیک. بە مەرجێ لەنێوان پلە دەنگییەکانیدا میانەیەکی تەواو هەبێت جگە لە مەودای نێوان پلەی (سێیەم و چوارەم) و (حەوتەم و هەشتەم) کە نیو پلەی دەنگی هەیە. بۆیە بە پەیژەی گەورە دەناسرێت لەبەرئەوەی لە نێوان پلەی یەکەم و پلەی سێیەمدا میانەیەکی سیانی گەورە هەیە". (روف، ١٩٨٩، ٥٨)

[٣]- هونەرمەندی موزیسیان خالید سەرکار دەربارەی ئەم سروده لە میانەی چاوپێکەوتنێکدا کە بۆ ئەم توێژینەوە لەگەڵی سازدراوە ئاماژەدەدات بەوەی کە لە ناوەندەکانی خوێندن کۆمەڵێک سرود هەبون کە ئەم میلۆدیە یەکێکە لەوانە کە ماموستا (مستەفا عبدولرەحمان) داناوە، بەڵام وەک تۆمارکردن ئاماژەدەدات کە وەک تیپی موزیکی سلێمانی ئەم سرودەیان تۆمارنەکردوە و ئەگەر لەلایەن هەر تیپ و گروپێکی ترەوە تۆمار کرابێت ئەوە ئەو زانیاری نییە، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە لە شۆڕشی ئەیلول ساڵانی ١٩٧٤ (تیپی موزیکی شۆڕش)یان دامەزراندوە، هەرچەندە کۆمەڵێک بەرهەمی گۆرانی و سرودی نیشتیمانیان تۆمارکردوە، بەڵام لەوێش ئەم سرودە تۆمارنەکراوە.(سەرکار،2024)

[٤]- لۆشڤانۆ گۆرانییەکی فۆلکلۆری کوردی ناوچەی بادینانی باشوری کوردستانە، کە تێمای سەرەکی ئەم دانراوەیە، دیارە تەکنیکی تێکەڵکردنی گۆرانیی فۆلکلۆری بە موزیکی کلاسیکی مێژوێکی دورو درێژی هەیە و موزیک دانەران دەمێکە کاریانکردوە بۆ تێکەڵکردنی موزیکی فۆلکلۆری گەلەکانیان لە چوارچیوەی فۆرمە جیاوازەکانی موزیکدانان.

[٥]- (لۆشڤانۆ گۆرانییەکی ئەویندارییە ماوەی گۆرانییەکە پێنج دەقە و سی(٥:٣٠) خولەکە. ئاواز و هۆنراوەکەی فۆلکلۆر، لە ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن شاعیر (محمد امین عثمان) ئەم گۆرانییە دەدرێتە هونەرمەندی موزیکژەن (دڵشاد محمد سعید)، ئەویش ئامادەکردن و دابەشکردنی موزیکی بۆ دەکات. لە ساڵی ١٩٧٩ ئەم گۆرانییە لەلایەن تیپی موزیکی دهۆک تۆمار دەکرێت، لەلایەن کچە گۆرانیبێژ (هۆزان ئەحمەد) و بە هاوکاری کۆرس وتراوە، لە ساڵانی ١٩٨٠یەکان لە تەلەفزێۆنی کەرکوک ڤیدێۆکلیپی بۆ کراوە.) (ادیب، ٢٠٢٤)

[٦]- ناونانی ئەم کارە موزیکییە بە (چەپی) زیاتر مەبەست لە بەکارهێنانی ناوی کوردییە لە جیاتی ناوە باوەکان کە لە دونیادا بۆ فۆرمە جیاجیاکانی دانراوە موزیکییەکان بەکاردەهێنرێن، دیاریکردنی ئەم ناوەش بۆ ئەم دانراوە پەیوەندی هەیە بە ئەو سێ میلۆدییەی کە بونەتە تێمای سەرەکی جوڵەکان کە بە (چەپی یەک، چەپی دو و چەپی سێ ناونراون)، ئەو گۆرانیانە ریتمێکی هەڵپەڕکێیان هەیە، کە تارادەیەکە شێواز و ڕیتمی گۆرانییەکان و ئەو شێوازە هەڵپەڕینەی کە لەگەڵ ئەم گۆرانیانە دەگونجێن لەیەکترییەوە نزیکن و و تایبەتەن بە ناوچەی سلێمانی."چەپی، هەروەک بە ناوەکەیدا دیارە، میلۆدیی ئەم ئاهەنگە بە کێشی دو پێی بەرێوەدەچێت و زیاتر لە ناوچەکانی (موکریان، کرماشان، سنە و دەوروبەری، سنجاوی) پێیهەڵدەپەڕن. فەلسەفە واتای ئەم هەڵپەڕکێیە، هێز و توانا بەخشینە بە لای چەپی کەسەکان، چونکە وەک باوە

لای چەپی جەستەی مرۆڤ لە جێبەجێکردنی کارەکاندا دەورو و ڕۆڵی کەمتری هەبوە و بەرەبەرە سست و کەم هیز بوە، بۆیە بۆ وەگەڕخستن و بەکارهێنان و هاوسەنگی ڕاگرتن لەنێوان ئەندامانی جەستە، دەبێ بەشەکانی لای چەپی جەستەش بەتوانا بکرێن، بۆیە کورد هەڵپەڕکێ و نەزمی چەپیی داهێناوە. هەر بۆیە لە نەزمی چەپیدا بەشی لای چەپ جوڵەی زیاتری هەیە و بەم چەشنە لە سستی و بێهێزی ڕزگاری دەبێ. لە ناوچەکانی کرماشان ژنان زیاتر بەم ئاهەنگە هەڵدەپەڕن." (فەلاح، ٢٠٢٢)

[٧]- لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی ئاسمانی کوردستا گۆرانیبێژی ئەم بەرهەمە مامۆستا (عزیز عبدالكريم) لەبارەی ئەم بەرهەمەوە دەڵێت: ئە م گۆرانییە ساڵی ١٩٨٢ لە لایەن تیپی موزیکی مەولەوی شاری سلێمانی لە تەلەفزێۆنی کەرکوک تۆمارکراوە. ئەم گۆرانییە ئاواز و هۆنراوەی فۆلکلۆری ناوچەی هەورامانە و لەلایەن هونەرمەند (علی حەمە ڕضا) کاری ئامادەکردن و دابەشکردنی بۆ کراوە و گۆرانیبێژ (عزیز عبدالكريم) وتویەتی، ئەم گۆرانییە لەو ساڵانەو تائێستاش دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوە لەنێوا خەڵکدا و هەر زو چۆتە سەر زاری خەڵک، ئەم میلۆدیە لەلایەن هونەرمەند (عوسمان هەورامی) وتراوە بەڵام بە شێوازێکی تر. (کوردسات،٢٠٢٣)

[٨]- ئەو شێوازە لە موزیکدانان که بۆ چوار دەست لەسەر یەک پیانۆ دەنوسرێت، زۆرجار پێی دەوترێت دوێتی پیانۆ، لە کۆتایی سەدەی ١٨ سەرچاوەی گرتوە و بە تایبەتی لە سەردەمی کلاسیک و ڕۆمانتکیدا بەرەوەوپێش چوە، ئەم فۆرمە ڕێگەی بە دو پیانۆژەن دەدا کە پێکەوە لەسەر یەک ئامێر نمایشی ژەنینی خۆیان بکەن، ئەمەش وایکرد کە ببێتە ڕێگەیەکی ئابوری و بەهێز بۆ پێشکەشکردنی موزیک لە شوێنە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ساڵۆنەکان یان کۆبونەوە تایبەتەکاندا.

[٩]- مامۆستا نامدار قەرەداغی دەڵیت: من دامەزرێنەری تیپی موزیکی مەولەوی بوم لە ساڵی(١٩٧٧)و سەرۆکی تیپەکەش بوم. ئەم گروپە چەند کار و چالاکی جیاوازیان کردوە و هەتا ئێستاش وەکو گروپێک ماونەتەوە و بەردەوامن. بەڵام بێگومان ماوەی زێرینی کارکردنیان بە بەڵگەی ئەرشیفە هونەرییەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ساڵانی ١٩٧٨ بۆ ١٩٩١. (دڵشاد، ٢٠٢٣، A158)

[١٠]- دامەزرێنەری تیپەکە مامۆستا (ئەنوەر قەرەداغی) کە هەر خۆشی ئامادەکاری بۆ ئەم گۆرانییە کردوە سەبارەت بەم دروستبونی تیپەکە و تۆمارکردنی ئەم گۆرانییە دەڵێت: (ئەم گروپەی کە ئەم گۆرانییەی تۆمار کردوە تیپی میللی زانکۆی سلێمانیە، گۆرانیی (لەکۆڵانی تەنگ) یەکێک بو لەو میلۆدیانەی لە شاری هەڵەبجە باو بو، گۆرانیبێژ (حەمە قوتو) کە هات بۆلامان ئەو گۆرانییەمان بۆ پێشنیار کرد کە بتوانێت بیڵێت و خۆشی زۆر حەزی بەوە بوە ئەم گۆرانییە بڵێت، ئەم گۆرانییە لە ماڵی خۆمان تۆمارمانکرد گۆرانییەکی سەرکەتو بو لە ڕوی تۆمارکردنەوە، چونکە تا ئەوکاتە ستۆدیۆ نەبو، هەروەها تازە ئامێری ساز و سەنتورم هێنابۆ ناو سلێمانییەوە. (قەرەداغی،٢٠٢٤).

[١١]- "ساڵی "١٩٧٢" لەلایەن قوتابیانی زانکۆی سلێمانی و بە ڕابەری و سەرپەرشتی ئەنوەر قەرەداخی تیپی موزیکی زانکۆ دامەزرا" (نوری، ٢٠٢٤). سەبارەت بەم تیپە موزیکەیە مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی دامەزرێنەر و ئامادەکاری بەرهەمە موزیکییەکانی ئەو تیپە دەڵێت: گۆرانیی (چاوت جوانە لەیلا) گۆرانییەکی میللییە و من موزیکم بۆ ئامادەکردوە لەگەڵ تیپی موزیکی جازی زانکۆی سلێمانی تۆمارمانکرد ئەو وەختە تازە هەندێ ئامێر بۆ زانکۆی سلێمانی هاتبو، وەکو (ئۆرگ، گیتار، ...هتد). لەبارەی مێژوی تۆمارکردنییەوە مامۆستا دەڵێت کە لەدوای گەڕانەوەی لە شۆڕشی ئەیلول نەقڵکرام بۆ شاری سەماوە یەک دو ساڵ لەوێ بوم ئینجا هاتمەوە و تۆمارمان کرد، هەر خۆم بە کامێرای ٨ ملم ڤیدۆکەم تۆمارکردوە، (قەرەداغی،٢٠٢٤)

[١٢]- گۆرانییەکە لەلایەن گۆرانیبێژی میللی (محەمەد ئیبراهیم عەبدول ناسراوە بە حەمە قوتو وتراوە، لەلایەن تیپی موزیکی میللی زانکۆی سلێمانی تۆمارکراوە، تیپی موزیکی میللی زانکۆی سلێمانی گروپێکی موزیکی کوردی بو کە ساڵی ١٩٧٦ لەتیپی موزیکی زانکۆی سلێمانی جیابوەوە.